*خوێنەری بەڕێز ئەوی لێرەدا دەیخوێنییەوە بەشێکە لە لێکۆڵینەوەیەکی درێژتر بە ناوی (ڕەشبینی لە ڕۆشنبیری کوردیدا) لێرەدا بەشێکی کورتی ئەو لێکۆڵینەوەیە بلاَودەکەینەوە، هیواداریین بتوانین بەشەکانی تریش بکەونە بەرچاوی خوێنەرانی سایتی یانەی ڕۆشنبیری شەقلاَوە.*

*هۆشەنگ شێخ محەمەد*

# نووسین وەك كایەیەك بۆ نائومێدی روح و روحی نائومێدی

## لەفەلسەفەوە بۆ ئەدەب، پەیوەند بە نائومێدییەوە:

ئایا پەیوەندی ئەدەب و فەلسەفە چیە؟ هەر یەك لە فەلسەفە و ئەدەبیش سەبارەت بە نائومێدی ئەتوانن چیمان بۆ باس بكەن ؟

هەندێ پێناسەی فەلسەفە، كلاسیك و نوێ:

فەلسەفە: ئەگەر خۆمان بە كۆنترین پێناسەی فەلسەفە قایل بكەین بەوەی لە دوو وشەی گریكییەوە هاتووە (فیلۆ – سۆفیا) و بە مانای (خۆشەویستی حیكمەتەوە) دێت ،واتە بە تێگەیشتنی (ئەرستۆییانە) بۆ فەلسەفە و حیكمەت، ئەوە ئەو تێگەیشتنە بەس نیە بۆ ئەوەی بتوانین لە روحی نائومێدی و نائومیدیەكانی روح بروانین، چونكە ئەم شووناسە زیاتر پەیوەست بووە بە زمانی سەردەمی كۆنی گریكەكان و دەلالەتی زمانەوانی وشەی فیلۆسۆفیاوە، كە ئەو كات ئەو دەلالاتە شووناسی بە فەلسەفە بەخشیوە و لە خوشویستنی حیكمەتەوە سنووورداری كردووە، چونكە ئەو دەسكەوتە فكری و مەعریفییانەی ئەمڕۆ كە هەن، ئەو كات لەبەر دەستی فەیلەسوفەكانەوە نەبوون.بۆیە دوای ئەو هەمووگۆڕانكارییە گەورانەی لە رووی فكری و تەكنەلۆژی و مەعریفی و زانستەوە روویاندا، شووناسی فەلسەفەش گۆڕا، لە خوشویستنی حیكمەتەوە بۆ بەرهەمهێنانی حیكمەت ،.(٣)

ئەگەر بە خێرایش بێت بگەڕێینەوە سەر هەندێ لە پێناسەکانی فەلسەفە ئەوە هەست بەو گۆڕانکارییانە دەکەین:

(هیراکلیتیس پێی وایە فیساگۆرس پەیڤی(خۆشەویستانی حیکمەتی) بەو کەسانە گوتبێ کە لێکۆڵینەوەیان تەنیا لە سرووشتی شتەکان کردووە و وازیان لە وێنەکانی دیکەی مەعریفە هێناوە، کاتێکیش هەستییان بە کەموکوڕی و سنووری مەعریفەی خۆیان کردووە بە خۆیان نەوتووە "حەکیمەکان"، بە مەعریفەی خۆشیان نەوتووە "حیکمەت".بەڵکو ئەوان هەوڵیان بۆ داوە.بە گوێرەی تواناش هەوڵیان داوە بیگەنێ. پێش فیساگۆرسیش ناوی "حەکیم" بەو کەسانە ئەگووترا کە بایەخیان بە مەعریفەی شتە ئیلاهییەکان و مرۆڤایەتییەکان و هۆکارەکانییان دەدا.بەڵام هەندێ پێیان وایە رەنگە سوکرات یەکەم کەس بووبێت خۆشەویستانی حیکمەتی بەکارهێنابێ نەوەك فیساگۆرس. ئەفلاتۆنیش خۆشەویستی حیکمەتی بۆ جیاکردنەوەی "خۆشەویستی حیکمەت" لە لای سوکرات لە گەڵ "حیکمەتی" سۆفیستەکان بەکارهێناوە.(٤)

لە دیالۆگەکانی ئەفلاتونـدا ،خۆشەویستی حیکمەت زۆ جار لەسەر زاری سوکرات گووتراوە، بەڵام بە مانایەکی ئەخلاقی، واتە خۆشەویستی حیکمەتی خولقی.بۆیەشە فەلسەفە لای سوکرات ( لە هەقیقەتی ئەو شتانەی بە خێرمان دەگەیەنن، هەروەها لێکۆڵینەوە لە زیندەوەرە سرووشتییەکان و جوانی سستەمییان و بنەما و هۆکارە سەرەتاییەکانییان دەکات.)(٥) (تالیس و هیراکلیتس و بارمنیدس و زینۆن و فیساگۆرس و ئەمبادقلیس کە فەیلەسوفانی سرووشتی بوون و لێکۆڵینەوەیان لە سرووشتی دەرەکی شتەکان و قانون و ئسوڵی جیهانی مادییان دەکرد. سوکرات بەو فەلسەفە سرووشتیەی دەگووت فەلسەفەی باش.بەڵام فەلسەفەیەکی تر هەیە شایستەترە فەیلەسوفەکان لێی بکۆڵنەوە لەو هەموو داروبار و بەردانەی سرووشتییان پڕکردووە. هەتا لەو هەموو ئەستێرە و کەوکەبانەش گرنگترە. کە ئەویش عەقڵی مرۆڤە. و لە ئایندەدا ئەگۆڕێتە سەر چ شتێك؟ (٦) دوای سوکرات ئەفلاتۆن ماناکەی فراوانتر دەکات ئەو پێی وایە: ( فەلسەفە کە سەروەی زانستەکانە، لێکۆڵینەوەیە لە هەقیقەتی هەبووەکان وسستەمە جوانەکەی و ناسینی داهێنەری یەکەم) ئەفلاتۆن لە فەلسەفەدا حیکمەتی ئەخلاقی و لێکۆڵینەوەی جیهان و بنەما پێکهێنەرەکانی پێکەوە کۆدەکاتەوە. هەروەها لێکۆڵینەوە لە نەفسی مرۆڤایەتی دەکات لە لایەنی مەعریفە و رەفتاردا. ئەفلاتۆن جیاوازی لە نێوان فەلسەفە و ماتماتیك و فەلسەفە و مێژوو دەکرد. دوای ئەویش خوێندکارەکەی (ئەکسینۆکرات ) فەلسەفە دابەشی سێ بەش دەکات،

١. تیۆری مەعریفە (مەنتق)
٢. فەلسەفەی سرووشتی (فیزیا)
٣.ئەخلاق.

(زینۆنیش)دامەزرێنەری رواقی و رواقییەکان بە گشتی ئەم دابەشکردنەی ئەکسینۆکرات وەرئەگرن.(٧) ئەرستۆش ئەڵێت:( فەلسەفە زانستی گشتییە و بابەتی هەموو زانستەکانی تێدا ئەناسرێ،مەعریفەی زیندەوەرەکان و هۆکارەکانییان و بنەما جەوهەرییەکان و هۆکارە سەرەتاییەکانییانە)(٨)بەم شێوەیەش

مانای فەلسەفە لای ئەرستۆ فراوانتر بوو بەوەی هەموو مەعریفەیەکی ئـەقڵی دەگرێتـەوە. شووناسـی فەلسـەفە لە ماهییەتی خۆیدا (ناسینی تیۆری بنەماو هۆکارە سەرەتاییەکانە)(٩)

حیکمـەتیش دابەشـی سـەر دوو جـۆر بـوو، یەکـەمیان حیکمـەتێکی وتـەزایی ئـەقڵی (قولیـە عقلیـە) و دووەمەمیشیان حیکمـەتی کردەیـی (فعلیـە). حیکمـەتی وتـەزایی ئـەقڵی هـەموو عەقلانیکردنێکـە کـە عاقـڵ ئەیکات. و حیکمەتی کردەییش هەموو ئەو کردانەیە کە حەکیم لە پێناو ئامانجێکی کەمالیدا دەیکات. ئنجا فەیلەسوفەکان جیاوازبوون لەسەر حیکمەتی وتەزایی ئەقڵی.

حیکمەتی وتەزایی ئەقڵی زانستی کردە سێ بەش:

زانستی چ ( علم ما) : ئەو زانستەیە لە ماهییەتی شتەکان دەکۆڵێتەوە: میتافیزیك.

زانستی چۆن (علم کیف): ئەو زانستەیە لە چۆنییەتی شتەکان دەکۆڵێتەوە: زانستی سرووشتی.

زانستی چەند (علم کم): ئەو زانستەیە لە چەندییەتی شتەکان دەکۆڵێتەوە.زانستی ماتماتیك.

ئەرستۆش زانستی مەنتقی بۆ زیاد کرد، و بە ئامرازی زانستەکانی دانـا و بابـەتی زانستەکانیـشی بـەم شـێوەیە دابەش کرد:

بابەت لە زانستی میتافیزیکدا: هەبوونی رەهایە. مەسەلەکانیشی لێکۆڵینەوە لـە ئـەهواڵی هـەبوون بـەوەی کـە هەیە.

بابەت لە زانستی سرووشتی:جەستەیە، باسەکانیشی لێکۆڵینەوە لە ئەهواڵەکانی بەوەی کە جەستەیە.

بابەت لە زانستی ماتماتیك: دووری و مقدارەکانن، بەگشتی : چەندایەتی وەك ئەوەی کە موجەرەدە لـە مـادە. باسەکانیشی لێکۆڵینەوە لە ئەهواڵی چەندایەتییەکان بەوەی کە چەندایەتین.

بابەت لە زانستی مەنتقدا: ئەو مانایانەن کە لە ئاوەزی مرۆڤـدان و ئەچـنە سـەر زانـستی دیکـە، باسـەکانیش: لێکۆڵینەوە لە ئەهواڵی ماناکان وەك ئەوەی کە خۆیانن.

حیکمەتی کردەیی:کاتێك بەختەوەری داواکراو بـوو بـۆ خـودی خـۆی، مـرۆڤیش بـۆ بەدەسـتهێنانی هـەوڵ ئەدات، بەختەوەریش بە حیکمەت بە دەست نایەت. چونکە حیکمەت داوای ئەوە دەکـات یـان کـاری پـێ بکرێت یان لێوەی فێربین. حیکمەتی کردەییـش دابەشی دوو بەش بـوو: کردەیـی (کـاری خێـر) و زانـستی (زانستی هەق)(١٠)

فەلەسەفە لە فراوانبوونیدا بەردەوام بوو تا لەسەرەتای چـەرخی نوێـدا زانـستەکان سـەربەخۆ بـوون.یەکـەمیان فیزیا لە چەرخی هەڤدەمدا بە هۆی گالیلۆ و دیکارت و نیوتنەوە سەربەخۆ بوو، بەوەی زانست نابێت پـشت بە وتەزای میتافیزیکی ببەستێت بەڵکو پشت بە ئەزموون و تێبینیکردنەوە ببەستێت بێ گریمانەی میتـافیزیکی و دینی. بەڵام فەلسەفە و فیزیا بـە وردی لەیـەکتری جیانەبوونـەوە تـا کۆتـایی چـەرخی هـەژدەم و سـەرەتای سەدەی نۆزدەم. دووەمیش لە سەدەی هەڤدەمـدا ماتماتیـك سـەربەخۆ بـوو، بەتایبـەتی زانـستی فەلـەك لـە لای گالیلۆ.کە هێشتا لە لای کۆپەرنیکۆس ئەم زانستە لە بن کاریگەری دین و میتافیزیك دابوو. سـێیەمیش. لـە سەدەی نۆزدەمدا زانستەکانی فسیۆلۆژیا و پزیشکی بە گشتی سەربەخۆ بوون.

لەگەڵ پێشکەوتنی مەیدانی فەلسەفە ماناکەشی پێشکەوت، دیۆجینۆس وای ئەبینێت کە (فەلسەفە زانست و کاری بەدیهێنانی بەختەوەرییە لە ژیاندا) فارابیش ئەڵێ: ( فەلسەفە زانینی هەبوونەکانە بەوەی کە هەن) سەدرەدین شیرازی فەلسەفە وا دەناسێنێت (تەواوکردنی نەفسی مرۆڤایەتییە بە ناسینی حەقیقەتەکانی هەبووەکان)، لۆکیش وای ئەبینێت:( فەلسە لێکۆڵینەوەی ئەقڵی بەشەرییە) فیختەش پێی وایە فەلسەفە(هونەری مەعریفەیە) هیگڵیش ئەڵێ : (فەلسەفە ناسینی هەقیقەتە جێگیرەکانە)(١١)

ئەم پێناسانەی سەرەوە کە کۆمەڵە پێناسەیەکی کلاسیکن و من بەشێکیانم بەیەك کیلیکەوە لەسەر ماڵپەڕی (http:wikpedia.org) دەرمهێناون، ئەم قسەیەش بۆ ئەوە ئەکەم تا لەوە بگەین ئەو شۆڕشە گەورەیەی تەکنەلۆژیا دروستی کردووە چەند کاریگەری کردۆتە سەر ڕێگەکانی ناسین و بەدەستهێنانی زانیاری و دواتریش فراوانبوونی کەناڵەکانی مەعریفە و کەناڵەکانی ناسینی هەبووەکان و زیندەوەرەکان و هەقیقەتەکان و گشت ئەو چەمکانەی ئەتوانین لەو پێناسانەی سەرەوەدا بیانبینینەوە لە (ئەقڵ، شتەکان، خێر و چاکە، ستەم، بنەما، هۆکارە سەرەتاییەکان، هەقیقەت، سەروەری،زانست، بابەت، جەوهەر، بەختەوەری، هەبوون، مرۆڤ، هونەر و جێگیری) هەر یەك لەم چەمکانە بۆیان هەیە ببنە بابەتی لێکۆڵینەوەی دوور و درێژو قووڵ بۆ لێکۆڵینەوە لێیان و دروستکردنی دەیان پرسیار و بەدەستهێنانی دەیان وەڵامی هاودژ و بەرەواژیش لە بارەیانەوە،کە وادەکات بەردەوام لە گومان و گەڕان دابین، کە ئەمەش یەکێکە لە بنەماکانی فەلسەفە خۆی، کە ئەتوانێت پێ پسانەوە پرسیار لە خودی خۆی بکات و گۆڕانکاریش بەسەر ماهییەت و ئەرك و ڕۆڵی خۆیدا بهێنێت.بەتایبەتیش لەگەڵ پێناسە نوێیەکانی فەلسەفە کە تا ڕادەیەکی زۆر فەلسەفە لە بابەتە میتافیزیکییەکان و ناسینی غەیبییاتەکان دوور دەخەنەوە.هۆسرل(١٨٥٩-١٩٣٨) ئەڵێ: (فەلسەفە لە جەوهەری خۆیدا ناسینی بنەما هەقیقییەکان و ئسول و ڕەگی هەمەکییە، زانستی هەر شتێکی ڕیشەییە کە پێویستە لە هەموو لایەك و ئیعتبارێکدا ڕیشەیی بێت)مەزهەبی دیاردەکان کە هۆسرل دایمەزراند لە ڕەخنەکردنی بیرکارییەوە دەست پێدەکات بۆ ئەوەی بگاتە دۆزینەوەی ڕێگەیەك بۆ بەدەستهێنانی هەقیقەتە بنەماییەکان. ڕێسای بناغەییش بۆ ئەمە ئەوەیە: ( ڕۆیشتن بۆ شتەکان خۆیان) بە دوورخستنەوەی هەموو تیۆرەکانی پێشوو سەبارەت بە واقع. ئەم کارەش لەسەردوو مەبدەء وەستاوە یەکەمیان: مەبدەئێکی سلبی بە دانانی هەر شتێك لە نێوان دوو کەوانەدا کە ناتوانرێت بە ڕێگەیەکی یەقینی بسەلمێنرێت.دووەمیشیان مەبدەئێکی ئیجابی کە بنەماکەی دیتنی ڕاستەوخۆیە بۆ شتەکان واتە دیاردەکان چونکە ئەوان دەبەخشرێنە ئێمە. مەیدانی دیتنی دیارگەریی لە هەموو ئەو دیاردانە پێکدێت کە دەبەخشرێنە شعور. ئەرکی دیارگەریش کەشف کردن و وەسفکردنی جیهانی دیارەکان بە وردی و پەیوەندی نێوانییانە.فینۆمۆنۆلۆژیستیش پێویستە لێکۆڵینەوەکانی لە هەموو کێشەیەکی ساختە و مانایەکی درۆزن کە لە ڕابردووەوە وەریگرتووە پاك بکاتەوە.هەروەها لە هەموو ئەو حوکمانەی کە ڕێ لە پێشکەوتنی هزری فەلسەفی دەگرن.(١٢)

لەبەرامبەر ئەمەدا دەبینین ئەلویس ریل وای ئەبینێت کە پێویستە هەموو مەسەلەکانی پەیوەند بە هەبوون و مێژوو و شارستانییەت وازیان لێ بهێنرێت بۆ زانستە پاژەکییەکان،و میتافیزیکاش دوای ئەوەی کانت

لەناوی برد شوێنێکی بۆ نەماوەتەوە. فەلسەفەش بەو وەسفەی روانینە لە جیهان و لە ژیـان. شـتێکە پەیوەسـتە بە ئیمان و شعور و نەزعەی کەسایەتییەوە، بەم پێیەش پێویستە ئەم وێنەیەی فەلسەفەکردنە لە فەلسەفە بـەمانا زانـستییەکەی جیابکرێتـەوە، فەلـسەفە لای ئـەو زانـستی شـعورە، درککردنـی زانـستی شـعور و بابـەت و قانونەکانییەتی.(١٣)

## کانتییە نوێیەکان:

کانتییە نوێیەکان "فندلباند و هینرش ریکـەرت" پێیـان وایـە: (ئـەو زانـستەیە کـە لێکۆڵینـەوە لـە بـەهاکانی پەیوەند بە هەق و خێر و جوانی و موقەدەس دەکات) هەروەها ئەو شوێنەیان بۆ فەلـسەفە گەڕانـدەوە بـەوەی زانست یان مەزهـەبی روانینـە لـە جیهاندا،بـەو واتەیـەی مەزهـەبی فەلـسەفی گـشتگیر و هەمەکییـە. لەسـەر فەلسەفەش پێویستە مەعریفەی تەواو لەخۆ بگرێ بۆ ئەوەی ئەو روانینە گشتگیرە بۆ جیهان پەیداکات.
لەگەڵ ئەمەشدا خاوەنانی ئەم روانینەش بۆ فەلسەفە وای ئـەبینن کـە فەلـسەفە کـاری بەسـەر لێکۆڵینـەوە لـە هـەبوونی شـتەکان نیـە چـونکە لێکۆڵینـەوە لـە جیهـانی هـەبوون کـە زۆرە و جیـاوازە پەیوەسـتە بـە زانـستە پاژەکییەکان. زانستە مێژووییەکان لەو شتانە دەکۆڵنەوە کە هەمیشە لە گۆڕاندان و ناگەڕێنەوە و لـە سـیاقی ئەهواڵ و رووداوە مرۆڤایەتییەکاندا بـەو سـیفەتانەی تـاکن دووبـارە نابنـەوە. زانـستە سرووشـتییەکانیش لـە بەشێکی واقعی سرووشتی دەکۆڵنەوە.لـە قانونـە جێگیرەکـان لـە رووداوە سرووشـتییەکاندا.لـە لای کانتییـە نوێکاندا فەلسەفە لێکۆڵینەوە لە بەهاکان دەکات.چونکە لە تەنیشت قانونەکانی سرووشت پێوەرەکـان هـەن، مرۆڤ هەست دەکات کە پێوەرێك هەیـە رەفتـاری ئـەخلاقی دەپێوێـت. داهێنانـە هونەرییـەکانی و ئەزموونـە دینییە زیندووەکانی و حوکمەکانی دەپێوێت. ئەو پێوەرانە پەیوەستن بە بەهاکان. لەوانە بەهای هەق. بـەهای جوان، بەهای خێر. و بەهای هەر شتێکی موقەدەس. ئـەرکی فەلـسەفەش لای ئـەوان ئەوەیـە لێکۆڵینـەوە لـەو بەهایانـە بکـات. واتـە پێناسـەیان بـۆ فەلـسەفە دەبێتـە (ئـەو زانـستەیە کـە لێکۆڵینـەوە لـە بـەهاکان دەکات.تێگەیشتن لە جیهانیش لەهەمان کاتدا تێگەیشتنە لە بـەهاکان. درککردنـی مانـای ژیـان درککردنـی ئەو بەهایانەیە کە لە ژیاندا بەدیان دەهێنین.) کەواتە بابەتی فەلسەفە لێکۆڵینەوەیە لە بـەهاکانی پەیوەسـت بـە هەق و خێر و جوان و موقـەدەس، بـەم پێیـەش زانـستەکانی فەلـسەفە دابـەش دەبنـە سـەر: مـەنتق، ئـەخلاق، زانستی جوانی، فەلسەفەی دین. (١٤)

مۆرتس ئاشلك(١٨٨٢-١٩٣٦) (فەلسەفە زانست نیە، بـەڵکو چـالاکییە لـە هـەموو زانـستێکدا).(١٥) لـە لای ئاشـلك فەلـسەفە شـیکردنەوەی مانـای مەسـەلە زانـستییەکانە.ئـەرکی فەلـسەفە روونکردنـەوەی مانایـە، روونکردنەوەی مانا هەنگاوێکی پێویستە لە هەموو لێکۆڵینەوەیەکی زانستیدا.چـونکە پـێش ئـەوەی بڕیـاری راستی و هەڵەیی بدرێت پێویستە مانا روون بکرێتەوە. مانای فکرەش ئەوکاتـە ئەناسـرێ کـە بارودۆخەکـەی بناسرێ کە وای لێئەکات راست بێت یان نە.

بۆچــوونە زانــستییەکان بــەوە لــە بۆچــوونە ئاســاییە رۆژانەییـــەکان جیائەکرێنـــەوە بـــەوەی وردتـــر و دەستنیشانکراوترن. ئەمەش پێویستی بەوەیە کە بۆچوونی زانستی لەسەر پێناسەی ورد دابمەزرێت.(١٦)

هەم لە پێناسە کلاسیکییەکان و هەم لە نوێکانیشدا، بۆمان دیاردەبێت، کە تا ئێستاش فەلسەفە نـەیتوانیوە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی مرۆڤ لـە بـارەی ژیـان و مـرۆڤ و هـەبوون و چـەمکەکانی دیکـە بداتـەوە، بـەڵام ئەوەی دیارە ئەوەیـە فەلـسەفە ئـەو توانایـەی هەیـە هەمیـشە هێرشـبەر بێـت، هێـرش بـۆ سـەر پێناسـەکان و شووناسـەکان و خۆیـشی، بـەردەوام زەمینەیـەکمان لـە پێـشدا خۆشـکات بـۆ ئـەوەی هەمیـشە لـە ئـەقڵ و زانینەکانییەوە بە گومان بین و نەگەینە یەقین، پەیوەندی نوێی زانـست و فەلـسەفەش لەوەدایـە کـە ناکرێـت زانست لە فەلسەفە پاك بکرێتەوە، فەلسەفە هەمیشە لەناو زانستەکاندا زیندووە و کارایە، فەلسەفە بـاوەڕی بـە زانـست هەیـە بـەوەی هەمیـشە زانینـی نـوێ و ناسـینی زیـاترمـان بـداتێ و لـە بـیرو بـاوەڕە خـورافی و غەیبانییەکانمان دوور کاتەوە.

### فەلسەفە و زانست:

کارل یاسبەرز(١٨٨٣-١٩٦٩) فەیلەسوفی بوونخوازیی نوێی ئەڵمانیا ئەڵێ:( فەلسەفە لەسەرەتادا خـۆی بـە زانست ژمارد، زانستێك لە یەکەمین تەرزدا، ئامـانجی کارپێکەرانیـشی بەدەسـتهێنانی بڵنـدترین پلـەی زانینـی یەقینی بـوو.) (١٧) سرووشـتی زانـستییانەی فەلـسەفە دوای جیابوونـەوەی زانـستەکان و سـەربەخۆبوونیان کەوتە ژێر پرسیارەوە.بەتایبەتیش لە سەدەی نۆزدەمدا کە زانستەکان گەشەیان کـرد و هـەنگاوی گـەورەیان لەدەرەوەی چوارچێوەی فەلسەفە هاویشت.بەم شێوەیەش باسی مردنی فەلسەفە هاتە پێشەوە.

خوشوسیتنی زانست لە جیاتی خوشویستنی حیکمەت لە سەدە نوێکاندا هاتە ئاراوە. فەلسەفە و حیکمـەت و زانست کە کایەیەکی یـەکگرتوویان پێکـدەهێنا لـە کۆنـدا، دەستی بـە هەڵوەشانەوە کـرد. زۆرێکـیش لـە زاناکان پەیدابوون کە هیچ بایەخێکیان بەفەلسەفە نەدەدا. ئەمە لە کاتێکـدا کـە سـەرەتای زانـستەکانی وەك (فیزیـا و کیمیا و ماتماتیك و زانستی فەلـەك و هتـد... ) لـە فەلـسەفەوە سـەریانهەڵدا.وەك لـە لای تـالیس و ئانسیمندەریس و ئەنکسیمانس لە سەدەی شەشەمی پێش زایین و ئەرستۆش کە خۆی چەند فەیلەسـۆف بـوو ئەوەندەش زانابوو لە فەلەکدا.بەم شێوەیە لە سەرەتادا فەلسەفە و زانست ئاوێتەی یەکدی بوون لە خوێندنگـە فەلـسەفییە کۆنەکانـدا، رواقییـەکان هەڵـسان بـە هێنـانی زانـستە فەلەکییـەکان بـۆ شـەرح کردنـی رەفتـاری مرۆڤایەتی.هەروەك چۆن فەلسەفەی فیساگۆرس بناغەکەی ماتماتیك و ژمارە بوو.
لـە چـەرخی نوێـدا جیابوونـەوەی فەلـسەفە و زانـست بەدیارکـەوت.زانـست زیـاتر بـەرەو تایبەتمەنـدی و دابەشبوون رۆیشت. هەر زانستێك بابـەتێکی سـەربەخۆ و میتـۆدێکی تایبـەت کـە کەرەسـتەی خـۆی هەیـە دەستنیشان کرد.

بەڵام لە پاڵ ئەمەشدا فەلسەفە لە کارکردنی خۆیدا بەردەوام بوو.کانت، دوو ئەرکی بۆ فەلسەفە دەستنیشان کرد کە زانست ناتوانێت ئیلغایان بکاتەوە. یەکەمیان: ئەتوانین چی بزانین؟ دووەمیشیان پێویستە چی بکەین؟ بەم شێوەیەش ئەو لەو تەقلیدە دەرناچێت کە حیکمەت دەکاتە دوو بەش: حیکمەتی وتەزای ئەقڵی و حیکمەتی کردەیی.ئەمەو پەیوەندی لە نێوان جیهانی نوێ و فەلسەفەدا نەپچڕاوە.(١٨)زۆرێکیش لە زاناکانی سەردەمی نوێ بەرهەمی فەلسەفیشییان هەبووە، وەك کلۆد برنارد،هنری بوانکاریێ،ئەنیشتاین و بروگلی.

ئۆگۆست کۆنت دوای جیاکردنەوەی جەوهەر و دیارگەرایی، پێویستی ئەوەی هێنایە گۆڕێ کە واز لە تەماهییە میتافیزیکییەکان بێنین بە گەڕان لە جەوهەری شتەکاندا.و لێکۆڵینەوە تەنیا لە شتە دیارەکان بکەین کە دەبینرێن. بەمەش فیزیا شوێنی میتافیزیکی کۆنی گرتەوە.ئەم دیدەی کۆنتیش لە تیۆرەکەی لەمەڕ (قانونی سێ حاڵەتەکان) بەرجەستە بوو کە فکری بەشەری پیایدا تێپەڕ دەبێت:

١.حالەتی لاهوتی.

٢. حالەتی میتافیزیکی.

٣. حالەتی وەزعی (پۆزەتیڤیزم)

بەم شێوەیەش تیۆری پۆزەتیڤیزم زانستی لە شوێنی فەلسەفە دانا. بۆیەشە دوای ئەوە هێنری برگسۆن و ئەمیل دۆرکهایم هەڵوستێکی تەوفیقییان ئاواکرد لە نێوان فەلسەفە و زانستدا. بەوەی مرۆڤ هەڵویستێکی دوانەیی هەیە بەرامبەر بە دیاردەکان:

١. یان واقعی مادی بە هەستەکانەوە درکی پێدەکرێ.

٢. یان واقعی روحی بە حەدەسەوە درکی پێدەکرێ.

بەم شێوەیە مادە لە لایەکەوە زانستە سرووشتییەکان دەستی تێوەرئەدەن کە لە ڕێی هەستەوە دەبنە خاوەن بەهایەکی مەعریفی بۆ گەردوون. لە لایەکی تریشەوە جیهانی روح فەلسەفە درکی پێدەکات.کە ئەویش بەهایەکی مەعریفی زانستی پۆزەتیڤزم و راستی هەیە. ئەم فەلسەفەیە مادەی فیزیایی رەت ئەکات و ئەتوانین پێی بڵێین میتافیزیك. ئەم دیدە زانست و میتافیزیکی وا دیت کە هەر یەکەیان بایەخ بە کایەیەکی دیاریکراوی واقع دەدات.کە پەیوەندییان بە بابەتی یەکترەوە نیە. دۆرکهایم ئەم دیدەی وا روون کردۆتەوە:

١. حوکمی واقع: وەسفی کۆمەڵە واقعێکی دیاریکراو یان پەیوەندییەکانییان دەکات، کە ئەمەش خەسڵەتی زانستە.

٢. حوکمی بەها: وەسفی بەها بۆ ئەو ئەو واقعە دیاریکراوانە دەکات بۆ خودێکی هوشیار. ئەمەش تایبەتە بە میتافیزیك.

ئەم دیدە تەوفیقیە جیاکاری نێوان مادەی کایەی زانستی و روح کە کاری فەلسەفەیە دەکات.ئەم دیدەش کاری کردە سەر دابەشکردنی فەلسەفە بۆ چوار گریژەنە:

١. دەروونناسی.

٢. مەنتق.

٣. ئەخلاق.

٤. میتافیزیك.

ئەم دابەشبوونە بنەماکەی دوانەیی روح و مادەیە.دەروونناسی لەم دابەشکردنەدا بایەخ بە کایەی (روح) یان دەروون ، دەدات. بەمەش دەچێتە هەناوی فەلسەفەوە. بەڵام لە لایەکی دیکەوە بایەخ بە( وەقائعی روحی) تاکی(دەروونناسی)یان کۆمەڵی (کۆمەڵناسی) دەدات. هەر یەك لەم گرێژەنانە کە سەرەتا فەلسەفی بوون دوای پێشکەوتنی زانست لە فەلسەفە جیابوونەوە. مەنتق لە رەورەوەی پێشکەوتنیدا لە زانستی ماتماتیك نزیك دەبێتەوە.ئەخلاق لە رێی ئازادبوونی لەفەلسەفە دەبێتە زانستی سیاسەت. ئەوەی دەمێنێتەوە میتافیزیکە کە دواجار کانت هەوڵ دەدات بنەما زانستییەکانی دەست نیشان بکات.(١٩)

## فەلسەفە، میتافیزیك و فیزیك:

دواتریش دەبینین دژە میتافیزیایەکی گەورە هێرش دەکاتە سەر میتافیزیك کە ئەویش هزری مارکسییە.کە هزرێکە هەم وەك شۆڕشێکی زانستی و هەم وەك شۆڕشێکی فەلسەفی خوێندراوەتەوە.

١. شۆڕشێك لە زانستدا: بەدامەزراندنی زانستێك بۆ مێژوو.(ماتریالی مێژوویی) بابەتەکەی چۆنییەتی گواستنەوەی کۆمەڵگەکانە لە شێوەیەکی بەرهەمهێنانەوە بۆ شێوەیەکی تری بەرهەمهێنان.

٢. شۆڕشێك لە فەلسەفەدا:دامەزراندنی رێسای ممارەسەکردنێکی نوێی فەلسەفی (ماتریالی دیالکتیکی)کە بابەتەکەی:مێژووی بەرهەمهێنانی مەعریفەیە.

فەلسەفە گۆڕا بۆ زانستی قانونەکانی هزر بەبێگەردی(الخالصە) دیالەکتیك وەك مەنتقێك بۆ ئەم روانینە ئیدیۆلۆژی زانست بەسەر فەلەسەفە وەك ئیدیۆلۆژی دەسەپێنێت.خوێندنەوەی فەلسەفی لەسەر دوو پایە رادەگرێت:

١.پێشبەرکردنی ئاریشەی مەعریفە وەك گرنگترین ئاریشە لە فەلسەفەدا.(گرنگترین ئاریشەش) دەگۆڕێتە سەر (تەنیا ئاریشە) لە خوێندنەوەی سادەی مەزهەبە فەلسەفییەکاندا، فەلسەفەش پۆلین دەکرێتە سەر (مادییەکان) و (مسالییەکان) لە رووی تیۆرییەوە تەسفیە دەکرێن بێ خوێندنەوەیان.

٢.گەورەکردنی رۆڵی هیگڵ لە فەلسەفەدا،هەتا ئیعتبارکردنی هیگڵ یەکسانە بە فەلسەفە. ئەمەش بۆ ئەوەی لە خوێندنەوەدا نەگەڕێنەوە سەر غەیری ئەو لە لایەك و لەلایەکی تریش مادام مارکس خوێندنەوە و رەخنەی بۆ کردووە خوێندنەوەی هیگڵیش دەستی لێ هەڵبگیرێ. بۆیە تێبینی سارتەر لە جێی خۆیبوو لەبارەی (تەنبەڵی مارکسییەکان لە رووی فەلسەفییەوە)(٢٠)

دوای ئەوە دەبینین زانستەکان وەك دەروونناسی لەگەڵ فرۆیددا بابەتی خۆی نوێ دەکاتەوە. بابەتەکەی ئەبێتە (نائاگایی) لە کاتێکدا دەروونناسی بابەتەکەی (ئاگایی)یە لە قۆناغی فەلسەفەیدا.مەنتق دوای ئازادبوونی لە فەلسەفە دەبێتە زانستی بیرکای. ئەخلاق لەگەڵ میکافیلیدا بابەتەکەی دەبێتە دەسەلات،دەگۆڕێتە سەر زانستی سیاسەت و سەربەخۆ لە ئەخلاق. بەم شێوەیە میتافیزیك دەکەوێتە هەوزینگدان لەبەرامبە هزری دیالکتیکی کە هیگڵ دەستی پێکرد و مارکسییەتیش ئەنجامی دا.

تا نیجە دێت و جارێکی دیکە تێگەی میتافیزیك لە سیاقی خەملاندنی لە مێژووی فەلسەفەدا ئەخوێنێتەوە بەدەستپێکردن لە دامەزرێنەی یەکەم (سوکرات) لە قۆناغی هزری گریکیدا.کە قۆناغێکە نیچە زۆر بایەخی پێدەدات.

## حیکمەت لە فەلسەفە و ئەدەبدا:

هەر چۆنێك بێت، ئەگەر ئەمڕۆ یەکێك لە ئەرکەکانی فەلسەفە بەرهەمهێنانی حیکمەت و هزر بێت، ئەتوانین ئەو پرسیارەش بکەین کە ئایا پەیوەندی ئەدەب بە حیکمەت و هزرەوە چیە؟ ئایا ئەدەبیش ئەرکی ئەوەیە حیکمەت و هزر بەرهەم بهێنێت؟ ئەی ئەگەر هەردوو کایەی فەلسەفە و ئەدەب یەکێ لە ئەرکەکانییان بەرهەمهێنانی حیکمەت و هزر بێت، ئایا ناکرێت لەم خاڵەدا هاوبەش بن؟ ئایا ناکرێت ئەدەبیش وەك بەکارهێنانێکی نائەکادیمی بۆ فەلسەفە تەماشای بکرێت؟ ئایا ئەدەبیش فەلسەفەی خۆی نیە؟ هەروەها فەلسەفەش ناتوانێت خوێندنەوە بە ئەدەب ببەخشێت؟ محەمەد ئەلغامدی پرسیار دەکات: ( بۆ دەبێت فەلسەفە بایەخ بە ئەدەب بدات و شێوازە ممکنەکانی ئەم بایەخە چین؟ ئایا ئەم بایەخە بەرهەمی مەبەستی گشتگیری فەلسەفەیە کە لە غیابی هەر بابەتێکی دیاریکراودا هەڵدەستێت بە چارەسەرکردنی؟ بەو مانایەی کە ئەدەبیش وەك قانون و دین و هتد..، ئەبێتە بابەت بۆ فەلسەفە . کە ئامانج لێی کەشفکردنی دەلالەتە جەوهەرییەکان و بەخشینی بنەمایەکی ئەقلی و وردکردنەوەی سنووری هەوڵەکانییەتی، فەلسەفە بابەتێك بۆ بیرکردنەوەی فەلسەفی بە ئەدەب دەبەخشێت) (٢١) ئەگەر کەمێك لەسەر ئەم وشانەی محەمەد ئەلغامدییەوە بوەستین ئەتوانین چەند پنتێك دەستنیشان بکەین، لەوانە :

ئەگەر یەکێك لە ئەرکەکانی فەلسەفە بەخشینی بنەمایەکی ئەقلی بێت بە بابەتەکان و لەوانەش ئەدەب ، واتە بەرگی فەلسەفە بکەتە بەر ئەدەبدا، بەو مانایایەی (ئەقڵ ) بە ئەدەب ببەخشێت و بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەقڵ لە ئەدەبدا سەروەر بکات.ئایا سەروەرکردنی ئەقڵ ئەبێتە سەروەرکردنی ئەدەبیش؟ پێمۆایە ئەگەر سەروەریشی نەکات بەڵام کارێك دەکات کە سەخت بێت بتوانین ئەدەب لە فەلسەفە پاك بکەینەوە وەك چۆن ناتوانین زانستی لێ پاك بکەینەوە، هەروەها لە سەرێکی تردا پەیوەندی فەلەسەفە و ئەدەب لە مەسەلەی گەڕان بەدووی ڕاستی و وەڵام بۆ پرسیارەکانی مرۆڤ وا دەکات فەلەسەفە و ئەدەب ئاوێتەی یەکدیش بن، ئەم دیاردەیە ڕەنگە لای نیچە و سارتەر لە جوانترین وێنەی خۆیدا دەرکەوێت، نیچە بەبەرهەمەکانی هەم فەیلەسوفبوون و هەم شاعیربوونی خۆی بەیان دەکات. سارتەیش لە ڕێی نووسینەکانی هەم فەیلەسوفبوونی خۆی و ئەدیببوونی خۆی دەسەلمێنێ.تەنانەت ڕەنگە لە لای سارتەر ئەدەبەکەی هەرگیز لە فەلسەفە بوونخوازییەکەی جیا نەکرێتەوە. ئەمانە هەمووی لە لایەك و لە لایەکی دیکەشەوە، مەسەلەی زمان و فەلەسەفە و دواتریش زمان و ئەدەبیش یەکێکە لەو بابەتانەی کە ئەم بابەتەمان پێکەوە ببەستێتەوە، بەوەی ئەگەر لە فەلسەفەی کلاسیکدا زمان، ئامرازی هەڵوەشانەوە و گەیاندنی فەلەسەفە بووبێت و لە ئەدەبیشدا ئامرازی گەیاندنی مانا و هزر بووبێت ئەوە لە فەلسەفەی نوێدا زمان ئامرازی گەیاندنی هزر نیە بەڵکو بەرهەمهێنەری هزرە، لە ئەدەبیشدا زمان ئەرکی گەیاندنی مانا نیە بەڵکو خوڵقێنەری مانایە.واتە زمان خۆی

له خۆیدا هەبوونە، بەتایبەتیش لەگەڵ پێشبەریبەکانی (هایدیگەردا) کە زمان تێیدا لێکۆڵینەوە لە فکر و فەلسەفەدا ئەکات نەوەك لە دانانی سستەمەکانی فکری. ئەفلاتون وەك یەکێك لە یەکەمین لێکۆڵەرەوەکانی زمان، جەختی لەسەر توانای ناو ئەکردەوە بۆ بەرجەستەکردنی ناولێنراو و توانای دال لە تەعبیرکردن لە مەدلول، ئەرستۆ پێی وابوو ئاخاوتن نواندنی گۆڕانکارییەکانی روحە و نووسینیش وێنەیەکە بۆ گۆڕانکارییەکانی دەنگ، قەدیس ئۆگستین پێی وابوو زمان ناتوانێت هەقیقەت بگەیەنێت، لەگەڵ هایدیگەردا( زمان ماڵی هەقیقەتی هەبوونە، مرۆڤیش پاسەوانی ئەو ماڵەیە و لە پاڵ ئەرکی پاراستنی ئەو ماڵەشدا ئەرکی راڤەکردنیشی لە ئەستۆیە. زمان بەشدارە لە تێگەیشتن لە ئاریشەکانی هەبوون، زمانی راستەقینەنەش ئەوەیە کە بتوانێت تەعبیر لە هەبوون بکات، زمان هەبوونێك نیە تەنیا لە پەیوەندیمان پێیەوە هەبێت، بەڵکو پەیوەندی چنراومان لەگەڵیدا گرنگترین و سەرەکیترین پەیوەندییە، ئەو جیهان ئەجوڵێنێت و بەمەش هەبوون لە رێی زمانەوە بۆ مرۆڤ بەرجەستە دەبێت. زمان حەشارگەی فکر و ماڵی هەبوونە، زمان هەبوون لە تاریکییەوە رادەپێچێتە رووناکی.بۆیە هایدیگەر جەخت دەکاتە سەر شاعیرەکان و شعرییەتی وشەی وتراو، چونکە شاعیرەکان هێزی زمان بە زمان دەبەخشن بۆ ئەوەی رووبچێتە قولاییەکانی هەبوونەوە.بۆیەشە هایدیگەر ئەڵێت شعر هیچی لە دامەزراندنی هەبوون کەمتر نیە)(٢٢)

هەروەها لای هایدیگەر (هیرمنیوتیك تەنیا تەفسیرکردنی تێکست و پەڕتووك نیە بەڵکو تەفسیرکردنی بوونی مرۆڤە یان بوونە بە رێگای بوونی مرۆڤدا.تێگەیشتنیش پێش تەفسیر کردن دەکەوێت،تێگەیشتنیش پێویستییەکی هەرە گەورەی بە زمان هەیە، زمانیش شێوازێکی کۆمەڵایەتییە)(٢٣)

لەم پێشەکییە کورت و خێراییەی سەرەوەدا لەوە ئەگەین، فەلسەفە و ئەدەب، لە دوو رووەوە پەیوەندییەکی توندوتۆڵییان پێکەوە هەیە و ئەگاتە رادەی ئاوێتەبوونیش، یەکەمیان: سرووشتی فکرییانەی فەلسەفە و ئەدەب و بەرهەمهێنانی حیکمەت و هزر، دووەمیشیان زمان و بەرهەمهێنانی مانا.

واتە دەتوانین بڵێین هەم ئەدەب و هەم فەلسەفە ئەتوانن لێکۆڵینەوە لە رەشبینی و بێ ئومێدی بکەن و هەمیش فکرەی رەشبینی و بێ ئومێدی و هەمیش مانای رەشبینی و بێ ئومێدی بەرهەم بێنن.

کەواتە نووسینیش ئەتوانێت و شیاویشە، هەم باس لە نائومێدی روحی بکات و دواتریش باس لە روحی نائومێدی بکات.

* * * * * *

ژێدەرەکانی ئەم بەشە


١. قصە الفلسفە، ول دیورانت.ترجمە فتح اللە محمد المشعشع، منشوات مکتبە المعاف بیروت. ١٩٨٨ لاپەڕە ٣٨٥

٢. (هێنری تۆماس و دانالی تۆماس، بەسەرهاتە نەمرەکان لە فەلسەفەدا، وەرگێڕانی دڵشاد کازم، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، ٢٠٠٦)
٣. فلسفه- ويكبيديا، الموسوعه الحره.(http:wikpedia.org)
٤. عبدالرحمن بدوى،مدخل جديد الى الفلسفه،وكاله المگبوعات. ١٩٧٥
٥. ويكبيديا، الموسوعه الحره.
٦. قصه الفلسفه، ول ديورانت.ترجمه فتح الله محمد المشعشع، منشوات مكتبه المعاف بيروت. ١٩٨٨ لاپەڕە ١١
٧. عبدالرحمن بدوى،مدخل جديد الى الفلسفه،وكاله المگبوعات. ١٩٧٥
٨. ويكبيديا الموسوعه الحره.
٩. هەمان سەرچاوە.
١٠. فرديك نيتشه، الفلسفه في العصر المأساوي الأغريقي، تعريب: الدكتور سهيل القش
١١. ويكبيديا الموسوعه الحره.
١٢. فرديك نيتشه، الفلسفه في العصر المأساوي الأغريقي، تعريب: الدكتور سهيل القش
١٣. عبدالرحمن بدوى،مدخل جديد الى الفلسفه،وكاله المگبوعات. ١٩٧٥
١٤. عبدالرحمن بدوى،مدخل جديد الى الفلسفه،وكاله المگبوعات. ١٩٧٥
١٥. ويكبيديا، الموسوعه الحره.
١٦. فرديك نيتشه، الفلسفه في العصر المأساوي الأغريقي، تعريب: الدكتور سهيل القش
١٧. فرديك نيتشه، الفلسفه في العصر المأساوي الأغريقي، تعريب: الدكتور سهيل القش
١٨. فرديك نيتشه، الفلسفه في العصر المأساوي الأغريقي، تعريب: الدكتور سهيل القش
١٩. فرديك نيتشه، الفلسفه في العصر المأساوي الأغريقي، تعريب: الدكتور سهيل القش
٢٠. فرديك نيتشه، الفلسفه في العصر المأساوي الأغريقي، تعريب: الدكتور سهيل القش
٢١. محمد الغامدي، فلسفه الادب، ويكبيديا الموسوعه الحره.
٢٢. قزحيا ياسين، انگولوجيا اللغه عند مارتن هيدجر/ تأليف اباهيم احمد/ الناشر الدا العربيه للعلوم.
٢٣. د.محەمەد کەمال،نیهلیزم و ڕەهەندەکانی بیرکردنەوە لاپەڕە ٤٥ لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٥

سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە ڕائەکێشم کە لە سەرچاوەی فردیك نیتشه، الفلسفه في العصر المأساوي الأغريقي، تعريب: الدكتور سهيل القش، تەنیا سوودەم لە پێشەکییەکەی د. سهيل القش وەرگرتووە. چونکە ئەم باسە ئامادەکردنە ، خوێندنەوەی ڕاستەوخۆی ئەو سەرچاوەیە و سەرچاوەکانی تریش سوود و زانیاری زیاتر و باشتر بەدەستەوە ئەدەن.